Komala Party - Iranian Kurdistan
Central Committee

کۆمەڵە شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژن

ڕۆژی جیهانی ژن بەڕێوەیە، بەو بۆنەوە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە پیرۆزبایی دەکا لە ژنانی کوردستانو ئێران و ڕێز و پێزانینی خۆی، ئاراستەی ئەو ژنە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرانە دەکات کە بوێرانە بەرهەڵستکاری سەرکوت¬و زەبروزەنگی دامودەزگای سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بوونەوەو بە تەحەمولی زیندان و ئەشکەنجە، ئالای خەباتی ژنانی ئێران و کوردستانیان بۆ یەکسانی، هەروا بەرز و شکاوە ڕاگرت. هەر وەها سڵاو و ڕێزی خۆمان بۆ هاوڕێیانی ژنی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە چ لە ناو هێزی پێشمەرگە، چ لە ڕێکخستنەکانی نهێنی و یان لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات دەنێرین کە سوننەتی شۆڕشگێرانەی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ژن لە کۆمەڵەیان، بە خەباتی خۆیان لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە زیندوو ڕادەگرن و بە بێ ڕاڕایی درێژەدەری ئەو ڕێگایەن.

لە کاتێکدا ساڵەوەگەڕی ئەم ڕۆژە ڕێز لێدەگرین کە بزووتنەوەی ژنان لە مانگەکانی ڕابردوودا بە کۆنەپەرستانەترین شێوازو زیاتر لە جاران، کەوتۆتە بەر شاڵاوی سەرکوتی دەوڵەتەکەی ئەحمەدی نژادەوە. خوێندکارانی زانکۆ، چالاکانی مەدەنی، هەڵسوڕاوانی سیاسیو فەرهەنگیو ڕۆژنامەوانی، لە هەموولایەکەوە وەبەر تیغی سانسۆرو یاسای دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی کەوتوونو هیچ سنورێکی بێشەرمی نەماوە کە کارگێڕانو سەرکوتگەرانی حکومەتی بە دژی بزووتنەوەی ژنان نەیان بەزاندبێ. کۆنەپەرەستانەترین سزاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وەکوو سەنگسارو شەلاق لێدان لە بەرچاوی خەڵکی بە دژی ژنان، هێشتا زۆر بە توندی بەڕێوە دەچێتو لەم نێوەدا، مرۆڤایەتی و مافەکانی ئینسان بۆ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی، مانایەکی نیە. پڕۆژەی ئەمنییەتی کۆمەلایەتی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە ساڵی ڕابردوو، لە بنەڕەتدا بە دژی ژنان وەگەڕخراو گەورەترین سوکایەتی بە کەرامەتو کەسایەتی ژنان لە سەر شەقامەکان لە مانگەکانی ڕابردوودا بەڕێوەچووەو ئێستاش بەردەوامە.

لە کاتێکدا کۆنەپەڕەستی ئایینی بە پشت ئەستووری یاساو دەوڵەتو هێزی نیزامی سەرکوتگەر، هەیمەنەی دزێوی خۆی بەسەر هەموو تانو پۆی

کۆمەڵگای ئێراندا سەپاندووەو ژیانی تایبەتی‌و تاکەکەسی ژنان‌و کچانی ئێران لە ژێرچاوەدێری وردی ئەم چاوەدێرییە کۆمەڵایەتییە کەوتۆتە بەر داپڵۆسین، لە کاتێکدا چەمکی زیندانی سیاسی بۆ ژنان‌و کچانی ئازادیخواز جارێکی دیکە زیندووکراوەتەوەو بەندی بە ناو "نسوانی" زیندانە گەورەکان لە چالاکانی بزوتنەوەی ژنان ئاخنراوە، ئەوە خەبات‌و چالاکی بزووتنەوەی ژنان لە بوارە جیاوازەکان، کەوتۆتە ململانییەکی گەورە لەگەڵ حاکمییەت‌و کۆنەپەرەستی زاڵ بە سەر یاساکاندا. کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزا، بەڕێوەبردنی مەراسم‌و کۆڕوکۆمەڵی بەربلاوی ژنانی پێشکەوتنخواز و خۆپیشاندانی بەرهەڵستکارانە بەدژی سەرکوتگەری دەسەڵات‌و دەرکەوتن لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکاندا، هێمای جموجۆڵ‌و سەرهەڵدانەوەی پان‌وبەرینی بزووتنەوەی ژنانە لە ئاستی کۆمەڵگادا.

ئەم وەخەبەرهاتنە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی نیوەی کۆمەڵگا کە سالانێکی زۆرە لەژێر عەباو چادری رەشی داسەپاودا، مەجالی دەنگ هەڵبڕینیان پێ نەدەدا، نیشانەدری ئەو راستییەیە کە بزووتنەوەی حەقخوزانەو بەرابەریخوازانەی ژنان بۆ پێداگری لەسەر مافە رەواکانیان، هەڵقولاوی وشیاری‌و تێگەیشتنێکی قووڵترە لە دونیای سەردەم‌و چارەنووسی ژیان‌و لەبەرانبەر بێ عەداڵەتی‌و ئاپارتایدی وێرانگەری جنسی بە دژی ئەم نیوەیەی کۆمەڵگا. ژنانی ئازادیخواز دەیان ساڵە کە ناچارن لە دوو ئاستی سەرەکیدا لەنێو کۆمەڵگا خەبات‌و چالاکی لە بوارە جیاوازەکاندا بەرەوپێش بەرن: یەکەم یاسای کۆنەپەرەستانەی زاڵ‌و دەوڵەت‌و دووهەم، فەرهەنگی دواکەوتوانە ودژە ژنی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگا. ئەمەش بە چەند قات خەباتی بزووتنەوەی ژنانی لە بوارە جیاوازەکاندا لەبەردەم کۆسپ‌و تەگەرەیکی زۆرتر داناوەو بزووتنەوەی ژنان سەرسەختانەتر لە هەرکاتێک لەم مێژووە بێڕەحمەدا، هەنگاوی کاریگەرتریان هەڵێناوە.

لە کوردستان ژنان نەتەنیا لە ژێر گەلێک ستەمی جیاوازی وەک ستەمی چینایەتی‌و جنسی‌و مەزهەبیدا دەچەوسێنەوە، بەڵکو ئەوانیش وەک ئەندامانی نەتەوەیەکی بندەست و ژێرناوی کورد بوونیشدا بەرەوڕووی حاکمییەت دەبنەوە و دەبێ هەزینەی بۆ بدەن. زۆرێک لە ژنان‌و کچانی ئازادیخوازی کورد، هەر ئێستاش لە کارو خوێندن بێ بەش کراون‌و لە سیاچاڵەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا لە ژێر گوشارو ئەشکەنجەو سوکایەتیین.

چەمکی ژن و زاڵ کردنی روانینی ئاینی بەسەر ئەو چەمکە، راگرتنی ئەو بەشە لە کۆمەڵگا لە ژێر کۆیلەتی و لەو رێگایەوە واتە لە رێگای کردنی ژنان بە شارۆمەندی پلە دوو، چەواشەکردنی پیاوان و زیندوو کردنەوەی دابو نەریتی پیاو سالاری لە ناو بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگادا بەرێوە دەبەن و بەو جۆرە بە هێنانی بەشێک لە پیاوان لە کۆمەڵگادا وەک پشتیوانی ئەو

رەسمو یاسا کۆنەپەرستانە، کۆماری ئیسلامی گەورەترین چەکی سیاسی – ئیدەئۆلۆژیکی بۆ مانەوە لە دەسەلات بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. بۆیەش لە ئێران کێشەی ژن و خەبات بۆ یەکسانی و ئازادی ئەوان لەو کۆیلەتییە تەنیا ئەرکی ژنان بە تەنیا نیە، گەرچی هێزی سەرەکی بۆ ئەو ئالوگۆرە بە ناچار هەر ئەوانن بەلام پیاوانو هەموو ئەو کەسانەی بە راستی دەیانهەوێ دیکتاتۆری ئایینی لە ئێران نەمێنێ، بە زانینی ئەو راستییە دەبێ گەرم و گوڕتر لە هەر کاتێکیتر بێنە مەیدانی خەباتی ژنان بۆ ئازادی. بە راستی دەتوانین بلێین خەبات بۆ یەکسانی ژنان لە ئێران راستەو خۆ خەباتە بۆ هەلپێچانی دامودەزگای سەرکەوتگەری ئایینی. کۆماری ئیسلامی بە بێ راگرتنی ژنان وەک شارۆمەندی پلە دوو هیچ مانایەکی نیە. دەسەلاتی سیاسی لە ئێران ئەوە زۆر باش دەزانێ بۆیەش لە هەمبەر پرسی ژن ئاوا دمارگرژ و بێ ئەملاولایە. تەنانەت ئیسلاحخوازانی ناو دەسەلاتیش کە لە بنەرەتدا کۆماری ئیسلامیان گەرەکە بە درێژایی حکوومەتی هەشت سالەیان لە ئێران کەمترین هەولیان دا بۆ چاکتر کردن دۆخی ژنان لە ئێران و تەنانەت لە هێنانی پرسی ئەوان وەک بەشێک لە ئاجێندای ئیسلاحخوازی خۆیان پاراست. ئەگەر بلێین خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران گۆرکەنی نیهایی دامودەزگای سەرکوتگەرە زێدە رۆیی‌مان نەکردوە.

بێگومان لەوەها هەلومەرجێکدایە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێرانو کوردستان، بە پێشوازی سالوەگەڕی هەشتی مارس دەڕواتو کاروانی خەباتی خلتان کراو بە خوێنو کۆلنەدانی خۆی، بەرەوپێش رێبەری دەکات. ئەگەر مەشغەلی ئاسوی رزگاری بزووتنەوەی ژنان، هەتا ئێستاش بە فیداکاریو قوربانیدان لە چەقی کۆنەپەرستی ئایینیو فەرهەنگی پیاوسالاریدا زیندوو راگیراوە، ئەوە ئەم مەشغەلانە، چرای روناکیبەخشی ئێستاو هیواکانی سبەی رۆژ و داهاتوون. لە کۆتاییدا جارێکی دیکە رێز دەگرین لە یادی ئەو ژنو کچە ئازادیخوازانەی بوێرانە گیانی خۆیان لە رێگەی خەبات بۆ یەکسانی مافەکانی ژنان لە کۆمەلگا بەخت کردو هیودارین، رۆژی جیهانی ژن وەک هەمیشە، رەمزی کۆلنەدانو تێکۆشان بێ بۆ گەیشتن بە ئازادیو رزگاری یەکجاری لە دەست ستەمو چەوسانەوە.

**بەرزو بەرێز بێت سالوەگەڕی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژن**

**کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

٧ی مارسی ٢٠٠٨_ ١٦ی رەشەممەی ٨٦

---

www.komala.org
E-mail: